# ڕامانێك له مردن

**عومەر جەلال**
omerjelal@yahoo.com



به سادەیی  وەك باران هەندێ سات دێت
به تووڕەییەوە وەك ئاو هەندێ سات دەمانبات
وەك –با-یەكی سەر لێ شێواو نامانناسێتەوە
چەندە بێ میهرە دەنگی مردن
چەندە ئیرەیی بەعەشق دەبات مردن
ئەزمونی مردن له ئەزمونی –با- دەچێت
هەموو كوچە و كۆلانێكی ژیان شارەزایە
هەموو دەرگایەك دەناسێتەوە بێ زانیاری ژمارەكەی
هەموو  قوتا بخانەیەكی بیمار لێ ی دەترسێت
هەموو هەناسەی گوڵێك ئێستێك دەكات لەبەردەمیدا
هیچ دڵۆپە ئاوێك نییە لەترسی مردن ڕەنگی زەرد نەبووبێت
هیچ ئێوارەیەك نییە بەر له ئاوابوون بێدەنگ نەبووبێت لەترسی مردن
هیچ عاشقێك واهەست ناكات شتێك هەبێت مردنی ناوبێ جگە له یادەوەری
هیچ شاعیرێك ئومێدی به چاوەڕوانی مەرگ نییە و نرخی بۆ دانانێت
هەندێ سات شاعیرەكان خۆیان مردن داوەت دەكەن بەر لەوەی ئاگاداربێت
مردن كەی  پرسیویەتی تۆ چەند ژیانت بینیوە؟
تۆ چەند ئاسوودەیت و تا چەند ژیان قەرزدارت بووە؟
كام نیشتمان هی تۆیە و ئالاّی تاییەتی خۆت هەیە؟
مردن كەی ڕێزی له توانەوەی بەفر گرتووە لەوەرزی تەنیایدا؟
مردن كەی بانگی ئێمەی كردووە بۆ ماڵە سەرابیەكەی خۆی؟
چەند ئازاراوییە!!!
جوكە جوكی چۆلەكەیەك له ترسی مردن ویژدانی سروشتی توڕداوە
هەنسكی منداڵێكی یاخی
تەنیا به شۆخییەوە چەند هەنگاوێك مردنی ترساندووە
مردن  پە نجەرەیەكە له تارمایی هەرگیز ناشكێت

ژیان گۆرانییەکە بێبەش بوون لێی ئەستەمە